کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-12-2007 1:20

**ڕۆژنامەرگەری ئازاد هەوێنی کۆمەڵگای ئازادە**

ڕونکردنەوەیەك بۆ رای گشتی

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

تێکرای خەمخۆرانی ئازادی رۆژنامەگەری

دوای پەسندکردنی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەبەرواری 11-12-2007 بەناوەرۆکێکەوە کە مەترسیەکی جدی دەخاتە سەر ئازادی رادەبڕین و رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ئێمەی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەوانەی کە لە خوارەوە ئیمزامان کردوە لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی مێژووییمانەوە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بۆ رای گشتی رادەگەیەنین:

1-لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا ئازادی رۆژنامەگەری و رادەربڕین پرسێکی پیرۆز و سازش هەڵنەگرە و بەهیچ بیانوویەك و لە ژێر هیچ ناونیشانێکدا ناکرێت ئەوەندە بەرتەسك ببێتەوە کە لە مانا راستەقینەکانی بەتاڵبکرێتەوە. دەسەڵاتی سیاسیش لە هەرێمی کوردستان ئەمرۆکە زیاتر لە هەرکاتێکی تر بانگەشەی دیموکراسیەت و پارستنی ماف و ئازادیەکان دەکات لێرەوە هەرگیز چاوەروانی هەنگاوێکی یاسایی لەو جۆرە نەبووین کە ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنووسان بخاتە بەردەم مەترسیەکی راستەقینەوە.

2- ئەوپەری نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین کاتێك دەبینین کەسزاکانی گرتنی رۆژنامە نووس و پێبژاردنێکی یەکجار قورس و داخستنی رۆژنامە و کۆکردنەوەی لە بازاردا هاتۆتە ناو پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی.

3- لەپەنجاو نۆهەمینساڵیادی جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ دا چاوەروانی ئەوە بووین کەپەرلەمانی کوردستان گۆرانکاری گەورە لە هەنگاوەکانی و لەیاساکان و لە عەقڵیەتی دارشتنی یاساکان ومیکانیزمەکانی بکات بەئاراستەیەك کە لەرووی یاساییەوە زۆرترین ماف و ئازادیەکان بەپێی ستاندەرە جیهانیەکان بۆ هاوڵاتیانی کوردستان لەنێویشیاندا بۆ رۆژنامەنووسان دەستەبەر بکات. کەچی بەدڵگرانیەکی زۆرەوە و بەپێچەوانەی ئەرکی دیموکراسیانەو مێژوویانەی خۆی ماف و ئازادیەکانی بەرتەسك کردەوە.

4-گەلی کوردستان گەیشتۆتە خاڵێك و گەرانەوەشی لێناکرێت کەئەزمونێکی تارادەیەك دیموکراسی هەیە لێرەشەوە پێویستە کە یاساکان چەند هەنگاوێك پێش واقع بکەون نەك هەوڵبدەن واقع و پێشکەوتنە دیموکراسیەکانی خەڵکی کوردستان بۆدواوە بگێڕنەوە جونکە چەندەی ئیشکالیەت لە یاسادا هەیە ئەوەندە ش ئیشکالیەت لە جێبەجێکردنی یاسادا هەیە. بەڵام کاتێك ئیشکالیەت دێتە ناو یاسای کاری رۆژنامەگەرییەوە ئەوا مەترسیەکە زۆر گەرورەترە.

5- داواکارین لەبەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە واژۆ لەسەر ئەو یاسایەنەکات کە هەرگیز لەئاست واقع و چاوەروانیەکانی ئەمرۆی خەڵکی کوردستاندا نیە.

6- دواکارین پەرلەمانی کوردستان بەزووترین کات چاو بەیاسای کاری رۆژنامە گەریدا بخشێنێتەوە و ئەو یاسایە بەشێوەك هەموار بکات کە بەپێی ستاندەرە جیهانیەکان ماف و ئازادی رۆژنامەگەری دەستەبەر بکات.

7- دواکارین کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و تێکرای رۆژنامەنووسان بەزووترین کات دەستەبەکاربن لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە و دارشتنەوەی بەشێوەیەك کە خزمەت بە ئازادی رۆژنامەگەری و پرۆسەی دیموکراسی بکات لە کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەکۆتاییدا رایدەگەیەنین کە شانازیمان و لەهەمانکاتدا بەردەوامی پشتیوانی ناوەندەکانی بڕیاری دنیا و گەلانی مرۆڤدۆست و دیموکراسی خواز بەندە بەرادەی ڕێزگرتنمان لە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان لەپێشی هەموو شیانەوە مافی ئازادی ڕۆژنامەگەری. لێرەشەوە هەر هەوڵێك بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکەدارکردنی ناوبانگی خەڵکی کوردستان و ئەزموون و پرسە ڕەواکەیەتی و ئایندەی خەڵکی کوردستان بە قورسی باجەکەی دەدات.
بەڵێ بۆ ڕۆژنامەگەریەکی ئازاد... بەڵێ بۆ یاسایەکی مۆدێرن

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر
2007-12-12

**لیستی ناوەکانی ڕۆژنامەنووسە نارازییەکان لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان**

1- علی کریم – نووسەر و ڕۆژنامەنووس
2- ڕێبین رسوڵ اسماعیل - نووسەر و ڕۆژنامەنووس
3- د. فرهاد پیرباڵ- مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنووس
4- دلزار حسن – ڕۆژنامەنووس لە کوردستان راپۆرت
5- د. جرجیس گلی زادە – نووسەر و ڕۆژنامەنووس
6- هەڵگورد سەمەد-گۆڤاری لڤین، نووسینگەی هەولێر
7- کەوگەس عبد الرحمن – ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی نوی
8- نەبەز گۆران – ڕۆژنامەنووس
9- لقمان محمد - نووسەر و ڕۆژنامەنووس
10- بێوار چۆمانی – ڕۆژنامەنووس لە هاولاتی
11- فرهاد گۆمەشینی - ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی نوی
12- تەها عبدالله - ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی نوی
13- سعودهاشم - ڕۆژنامەنووس
14- حمدامین خدر - ڕۆژنامەنووس لە پروشە -رانیە
15- امید عبدالرحمن - ڕۆژنامەنووس
16- هندرین شیخ - ڕۆژنامەنووس
17- شێروان شێروانی-ڕۆژنامەنووس-ئاکرێ
18- دانا رەزگەیی-ڕۆژنامەنووس-سۆران
19- بێستوون عوسمان-ڕۆژنامەنووس
20- دیار عەزیز شەریف-ڕۆژنامەنووس
21- لوقمان شێروانی-نووسەر و ڕۆژنامەنووس
22- نەجات ئەحمەد-ڕۆژنامەی هاولاتی، هەولێر
23- دەشتی سەباح-ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەرپرسی نووسینگەی هەولێر
24- ئەژین عەبدولخالق-ڕۆژنامەی ڕۆژنامە
25- کارزان کەریم-ڕۆژنامەنووس
26- عەلی سدیق-ڕۆژنامەنووس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

27- عیسا عبدالقهار-ڕۆژنامەی جەماوەر
28- شێرکۆ سەردار-ڕۆژنامەی جەماوەر
29- سەهین نوعمان دەروێش-پەیامنێری سەتەلایتی نەورۆز
30- بورهان قادر-ڕۆژنامەنووس
31- ئیبراهیم عەلی-گۆڤاری لڤین، نووسینگەی هەولێر
32- کامەران محمد-ڕۆژنامەنووس، کۆیە
33- زیاد رشاد - ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو
34- دلێر محمد-ڕۆژنامەنووس
35- فەرهەنگ قەرەنی-ڕۆژنامەنووس
36- فهمی حمە توفیق - ڕۆژنامەی یەکگرتوو
37- محمد جەمشیدی-ڕۆژنامەنووس
38- توانا عمر - ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی ئاوێتە
39- تارق حسین - ڕۆژنامەنووس
40- کاوە عبداللە - ڕۆژنامەنووس لە پروشە-رانیە
41- عبدالواحد عبدالکریم - ڕۆژنامەنووس
42- نیگار حمە علی - ڕۆژنامەنووس و هەڵبەستوان
43- جبار احمد - ڕۆژنامەنووس
44- فرهاد حسن – گۆڤاری شەقام
45- هیمن مامند – رادیۆی نەوا
46- حسن مینە - ڕۆژنامە نووس
47- هدی زنگنە - ڕۆژنامەنووس
48- کوردستان حسن – ڕۆژنامەنووس
49- ریدار بەکر ئەحمەد رۆزنامەنوس لەکۆفاری خیزان و رۆزنامەی ئاسۆ
50- محمد علی ولی – نووسەر و ڕۆژنامەنووس – کەلار
51- لەنجە عەبدوڵڵا- ڕۆ1نامەی میدیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.